# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ناونیشان لە رۆمانی کوردیدا



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«سیمیۆلۆژیای ناونیشان- ناونیشانی رۆمانی کوردی بە نموونە» ناوی نوێترین کتێبی حەمە مەنتک، توێژەر و ئەکادیمییە و بڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە.

حەمە مەنتک بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، ئەم بەرهەمە بەمزووانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپ و بڵاودەکرێتەوە کە توێژینەوەیەکە لەبارەی ناونیشانی رۆمانی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان، لە سەرەتاوە تاوەکوو ساڵی 2013 لە رووی سیمیۆلۆژییەوە.

کتێبەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم هە و لێکی تیۆریانەیە بۆ زانستی نیشانە (سیمیۆلۆژیا)، خستنەڕووی هەوڵی ئەو تیۆریزانانەیە کە رۆڵیان لە گەشەپێدانی سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبدا هەبووە. بەشی دووەم توێژینەوەیە لە ناونیشانی دەق وەکو زانستێک، ئەویش ناونیشان لەنێوان بە لۆژیکبوون و شیعرییەتدا، هاوکات پێوەندنی ناونیشانی دەق بە سەردەمەوە و کاریگەریی سەردەم لەسەر ناونیشانی دەق بەگشتی و ناونیشانی رۆمان بەتایبەتی.

گوتیشی، بەشی سێیەم توێژینەوەیە لە ناونیشانی رۆمانی کوردی، وەکو ئەو ناونیشانانەی دەلالەتن لە ناو، شوێن، کات، رووداو. هاوکات دابەشکردنی ناونیشانی رۆمانی کوردی لە سەرەتاوە تاکوو ساڵی 2013 بەسەر چەند قۆناغێکدا و دەستنیشانکردنی خاسیەتی ناونیشانی هەر قۆناغێک.

مەنتک، تا ئێستا چوار کتێبی لەبارەی رەخنە و توێژینەوەی ئەدەبی بڵاوکردووەتەوە، بەناوەکانی «سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا»، «لە مەدرەسەی نالیدا»، «سەرەتا دیالۆگ هەبوو کۆمەڵێ وتاری رەخنەیی» و «تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا».







# «تاعوون»ی کامۆ دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و وەرگێڕی کورد، د. موحسین ئەحمەد عومەر، رۆمانێکی نووسەر و رۆماننووسی ناوداری فەرەنسی – جەزائیری، ئەلبێر کامۆ دەکاتە کوردی.

د.موحسین ئەحمەد عومەر بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند «رۆمانی (تاعوون) کە لە نووسینی ئەلبێر کامۆیە، لە فەرەنسییەوە کردوومەتە کوردی».

گوتیشی «ئەوە شەشەمین کتێبی کامۆیە لە فەرەنسییەوە وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردی».

د.موحسین ئەحمەد عومەر ئاماژە بە هۆکاری وەرگێڕانی بابەتەکانی ئەلبێر کامۆ بۆ زمانی کوردی دەکات و دەڵێت «من خۆم حەز لە ئەدەب و فیکری ئەلبێر کامۆ دەکەم، هەر لەبەر ئەمەش رۆمان و کتێبەکانی لە فەرەنسییەوە دەکەمە کوردی».

لە گرنگترین ئەو رۆمانانەی کامۆ کە موحسین ئەحمەد عومەر کردوونی بە کوردی، بریتین لە (زماوەند و هاوین)، (مەنفا و مەملەکەت) و (بێگانە).

رۆمانی تاعوون، 400 لاپەڕەیە و لەلایەن دەزگای غەزەلنووس لە سلێمانی چاپکراوە و بڕیارە رۆژی پێنجشەممەی داهاتوو بڵاوبکرێتەوە.

د.موحسین ئەحمەد عومەر، ساڵی 1962 لە هەولێر لەدایکبووە. ساڵی 1996 دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن لە بەشی ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری بەدەستهێناوە. ئێستا سەرۆکی بەشی فەرەنسییە لە کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین. چیرۆکنووس و وەرگێر و توێژەرە.





# سەعدوڵڵا پەرۆش دیوانێک چاپ دەکات


■ ئا: سیروان عەباس

شاعیری ناسراوی کورد سەعدوڵڵا پەرۆش، سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە شیعرەکانیدا و بە نیازە لە توێی دیوانێکدا بە ناوی «تینووتر لە ئاو» چاپ و بڵاویان بکاتەوە.

سەعدوڵڵا پەرۆش بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: «دیوانەکە ئێستا لە قۆناغی هەڵەچنیدایە و بەنیازم لە بەهاری 2018 چاپ و بڵاوی بکەمەوە کە لە 52 شیعر پێکهاتووە». پەرۆش گوتی: «تینووتر لە ئاو، شەشەمین دیوانی شیعریی منە و بەنیازم لەسەر ئەرکی خۆم بە چاپی بگەیێنم، بۆ ئەو مەبەستەش نامەوێ سەردانی هیچ دەزگایەک بکەم».

سەعدوڵڵا پەرۆش، لەدایکبووی ساڵی 1950یە لە هەولێر، تاوەکو ئێستا 5 دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکراونەتەوە کە ناودارترینیان دیوانی «شەوانی تەنیایی»یە.

نووری بێخاڵی



# فلانری..

## وزەی ژیان لە هەناوی مردندا!



### خۆشەویستی تاووس، دەردە گورگ کوشتی!

چیرۆکنووسی ئەمریکی ماری، یان مێری فلانری ئۆکۆننۆر (1925 – 1964)، تاقانە کچی خێزانێکی کاتۆلیکی، لە ناوچەی سلاڤانای ویلایەتی ڤێرجینیا لە ئەمریکا لەدایکبووە. تەمەنی شازدە ساڵان بوو کە باوکی مرد، لە تەمەنێکی بچووکەوە تووشی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی (ڕەبۆ) هات و هەتا ڕۆژی مردنیشی لە تەمەنی (39) ساڵی، ئەو نەخۆشییە لەگەڵیدا ژیا. یەکەم و دوایین پەیوەندیی سۆزداریشی لەگەڵ کتێبفرۆشێک بوو بە ناوی (ئیریک لاکنجیر).

خوێندنی هونەر و ئەدەبیاتی لە زانکۆی ویلایەتەکەی خۆی تەواو کردووە، بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی ماستەریش لە هونەرە جوانەکان و نووسینی داهێنەرانە، لە زانکۆیەکی ویلایەتی ئەیەوا، بەشداری وۆرکشۆپێکی کردووە کە نووسەری ناوداری ئەمریکی ڕۆبێرت فیتزجیراڵد سەرپەرشتیی کردووە. دواجاریش بووەتە هاوڕێیەکی نزیکی فیتزجیراڵد و هاوسەرەکەی و بۆ ماوەیەکیش لە ماڵەکەیاندا، لەگەڵیاندا ژیاوە.

فلانری کە ئارەزوویەکی بەهێزی بۆ هونەری نیشگارکێشی هەبوو، بەردەوام کتێبەکانی لاهووتی خوێندووەتەوە و پێیوابوو خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە وا دەکەن باشتر و بەهێزتر بنووسێت. ئەو ئافرەتێکی شەرمن و بێوەی، بەڵام ئازا و بوێر بووە. وەک دەڵێن، ئەگەر ئەو ئازایەتییەی نەبووا، بەرگەی ئەو هەموو ئازارە کوشندەیەی نەدەگرت کە بەهۆی نەخۆشییەوە رووی تێکرد و دواتریش هەر ئەو نەخۆشییە کۆتایی بە ژیانی هێنا. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنیدا، جگە لە نەخۆشیی ڕەبۆ، بەدەست نەخۆشییەکی دیکەشەوە دەیناڵاند، ئەو نەخۆشییەی بووە هۆکاری مردنی باوکیشی. نەخۆشیی (دەردە گورگ) کە بە هۆیەوە وردە وردە ئێسک و جومگەکانی دەخوران و لەناودەچوون، دوای ماوەیەک گیانی لێ سەندەوە.

فلانری سێزدە ساڵی کۆتایی تەمەنی کە بەهۆی نەخۆشییە تاقەتپڕووکێنەکەیەوە، لە کێڵگەکەی دایکی لە میلیجیفیڵ بەسەر برد. دەستبەرداری نیگارکێشی بوو، کاتەکانی بۆ خوێندنەوە و بەخێوکردنی پەلەوەر تەرخان کرد. لەو کێڵگەیە جۆرەها مەل و پەلەوەری بەخێو دەکرد (مریشک، مراوی، قاز، تاووس و ...)، تەنانەت تاووس بە لای ئەو ژنە نووسەرەوە، سیمبولی نەمری و ئەو ڕۆحە بوو کە هەرگیز پیس و ناشیرین نابێت. بۆیە لە جەژنی کریسمسدا، پەڕی تاووسی بۆ هاوڕێکانی خۆی دەنارد.

••

### نووسین و شێتی

فلانری کە خوێنەرێکی جددیی کار و بەرهەمەکانی هەرسێ ڕۆبێرت (لویل، فیتزجیراڵد، جیرۆ) بوو، بەو تەمەنە بچووکەیەوە جگە لە کۆچیرۆکەکانی کە ساڵی (1955) بە ناوی (دۆزینەوەی پیاوێکی باش سەختە)، بڵاوکراونەتەوە. هاوکات خاوەنی هەردوو ڕۆمانی ناسراوی (حیکمەتی خوێن، یان خوێنی حەکیم– 1952) و (تووڕە دەیباتەوە– 1960)ـە، لەگەڵ سێ کتێبی دیکە کە دوای مردنی بەچاپ گەیەندراون، ئەوانیش: (وێکچووی شتەکان – 1965) و (لوغز و شێوازەکان – 1969) کە کۆی وتارەکانیەتی لەبواری ئەدەب و نووسین، هەروەها کتێبی (عادەتی بوون – 1979) کە بریتییە لە کۆمەڵێک نامەی تایبەتی نووسەر.

تایبەتمەندی و شێوازی چیرۆکەکانیشی بەوە دەناسرێتەوە کە تێکەڵەیەکن لە کۆمیدیا و تراژیدیا و توندوتیژی و ترس و داشۆرین. زۆربەی کەسایەتیی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانی لەباری جەستەییەوە شێواو و لەلایەنی ڕۆحیشەوە، ناجێگیر و خەمۆکن، تا ئەو ڕاددەیەی هەندێ لەو کەسایەتییانەی گەیشتوونەتە ئاستی کەوتن و بێهوودەییەکی کوشندە. کەلەپووری دەوڵەمەندی باشووری ئەمریکا و باوەڕە ئاینییە کاتۆلیکییەکەی، ڕەنگدانەوەی دیاریان بەسەر نووسینەکانییەوە هەبووە.

بۆ تەواوکردنی هەر ڕۆمانێکی، وەک سرووتێکی ئاینی، نزای کردووە، کەچی دوای تەواوکردنی، لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دەیگوت: "پارچەیەکە لە نەخۆشی و دەرد". سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی کاتۆلیک بووە، کەچی زۆربەی پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی پرۆتستانت بوون.

لەو ماوەیەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە ببوو، بۆ ئەوەی فریای تەواوکردنی ڕۆمانەکەی (خوێنی حەکیم) بکەوێ، هەروەها بۆ ئەوەی توانای بیرکردنەوەی لەدەست نەدات و زەین و مێشکی چالاک بێت، زیاد لە پێویست کۆرتیزۆنی وەک چارەسەر بەکار دەهێنا، دواجار و بەم دەردەشییەوە ڕۆمانەکەی تەواو کرد، ئەو ڕۆمانەی کە رۆبێرت جیرۆ لە بارەیەوە دەڵێ: "کارێکی شێتانەیە و شێتێک نووسیویەتی".

••

### نامە وەک تاکە ڕایەڵی بەردەوامی

ئەو ژنە نووسەرە سەدان نامەی نووسیوە، چ لە وەڵامی ئەوانەی نامەیان بۆ ناردووە، یان ئەوەی کە بۆ خۆی نامەی بۆ کەسێک – کەسانێک ناردووە. پازدە ساڵ دوای مردنی فلانری، هاوڕێیەکەی، سالی فیتزجیراڵد، هاوسەری ڕۆبێرت فیتزجیراڵد، تەواوی ئەو نامانەی کۆکردوونەتەوە و ئامادەی کردوونەتەوە و لە کتێبێکدا بە ناوی (عادەتی بوون) بڵاوی کردوونەتەوە و هەر بۆ خۆیشی پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

سەرەڕای ئەو نامانە، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەدەب و نووسیوە کە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوی کردبوونەوە، ئەوانیش لە توێی کتێبێکدا و دوای مردنی، بۆی چاپ و بڵاوکرانەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، فلانری سەرەڕای ئەوەی کە چەندین کتێبی رەخنەیی و دەیان تێزی دکتۆرا لەبارەی خۆی و بەرهەمەکانییەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، کەچی بۆ خۆی کەمترین قسەی لەبارەی رۆمان و چیرۆک و کار و بەخششەکانی لە بواری ئەدەب و نووسیندا کردووە. کاتێکیش لێیان پرسیوە کە بۆچی و لەبەرچی دەنووسێت؟ لە وەڵامدا گوتوویەتی: "چونکە من لە نووسین باشم".

شتێکی دیکە کە ڕەنگە بۆ خوێنەر مایەی پرسیار و سەرسوڕمان بێت، ئەوەیە کە وێڕای لایەنە ئاینداریيەکەی خۆی، هەروەها ئەو هەموو ئازارەی بەدەست نەخۆشییەکانییەوە چەشتوویەتی، لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە خەسڵەتێکی نووسینەکانی فلانری ڕۆحانییەتە، کەچی نەک هەر نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی دادکۆکیکار لە مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان، بەڵکو ئەو دەمەی داوای لێ دەکرێ یەکێک لە چیرۆکەکانی بکرێتە شانۆگەری، دەڵێ: "تەنیا شتێک کە بەتوندی رەتیدەکەمەوە ئەوەیە، گەمژەیەکی رەشپێست لە کارێکی مندا بکرێتە کەسایەتی و کاراکتەری سەرەکی".

••

### باوەڕ لە دژی ساختەیی ئایین!

بەڕای بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، وێڕای ئاستی بەرزی ئەو داهێنانە لەباری ناوەڕۆک و ڕوخسارە ئەدەبییەکەیەوە، بەڵام هێشتا ڕۆمانی (حیکمەتی خوێن)، وەک بەشێک، یان جۆرێک لە ئەدەبی ڕەشی تاوانکاری و پۆلیسی پۆلێن دەکرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە تاوان کرۆک و تەوەری سەرەکیی نووسینەکە نییە، بەڵکو هەندێ لە ڕووداوەکان، گرتە و دیمەنەکان و زمانی گوزارشتکردن تێیدا، وا دەردەخەن کە لە ڕوخساردا ڕۆمانەکە ئاوا بێتە پێش چاوی خوێنەر.

بەهەرحاڵ، تا ئەو ڕۆژەی لە نێوەندی ئەدەبی و رەخنەگریی ئەوروپا و بەتایبەتی لە فەڕەنسا، قسەی جددی لەسەر ئەو ژنە نووسەرەی ئەمریکا نەکرا، لە وڵاتەکەیدا ئاوڕێکی ئەوتۆ لە کار و بەرهەمەکانی نەدرایەوە. ئەو هێشتا چل ساڵی ڕەت نەکردبوو کە مرد، بەڵام بەم تەمەنە بچووکەیەوە و بەهۆی بەرهەمەکانی، کاریگەرییەکی درێژخایەنی لە دونیای ئەدەبی وڵاتەکەی و دونیادا لە دوای خۆی بەجێهێشت. ڕەنگە بەشێکی ئەو نەناسراوییەی پێشتری لە وڵاتەکەیدا، پەیوەندی بەوەوە هەبووبێت کە بۆ خۆی هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە هاووڵاتییەکانی بیناسن. هەروەها بەشێکیشی بۆ باری تەندروستییەکەی دەگەڕێتەوە کە ساڵانێکی زۆر هێز و بڕستی لێ بڕیبوو، بەوهۆیەوە دوورە پەرێز ژیا، وەک چۆن خودی خۆیشی، کەمترین قسەی لەسەر ئەزموونی خۆی و کار و بەرهەمەکانی کردووە.

وەکوتر، بەگوێرەی ئەو سەچاوانەی باسیان لە ژیانی ئەم ژنە نووسەرە کردووە و لە ماوەی ئەو چەند ساڵە زۆرەی کە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لە کێڵگەکەی دایکی دەژیا و سەرقاڵی خوێندنەوە و بەخێوکردنی پەلەوەر بووە، ناوە ناوە و بۆ ماوەیەکی کورت نەبێت، نەچووەتە دەرەوە. جارێکیان بۆ بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی ماستەرنامەکەی، جاری دووەمیشیان سەردانی لەندەن. ئەو ژنەی دواجار کە هاونیشتمانییەکانی لە ڕێگای سەرنج و خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەوروپییەکانەوە، زیاتر ئاشنای نهێنیی نووسین و داهێنانەکەی بوون، گەیشتنە ئەو باوەڕەی بڵێن "لە دوای ویلیەم فۆکنەر، باشترین نووسەرێک کە گوزارشتی لە باشووری وڵاتەکەمان کردبێت، فلانری ئۆکۆننۆرە".

فلانری بە تەمەنێکی کورتەوە گەنجینەیەکی زۆری لەدوای خۆی جێهێشت. گەنجینەیەک کە بۆ ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بووە جێی تێڕامان و پرسیاری جددی، پرسیاری ئەوەی ئاخۆ چۆن کچە گەنجێک دەرەقەتی بابەتی قورس و ئاڵۆز هاتووە؟ لە سەردەمێکدا کە نووسەری ناودار، ئەوانەی لە لووتکەدا بوون، زۆر کەم خۆیان لە قەرەی بابەتی ئاوا پڕ پێچ و پەنا داوە کە جۆرێک لە سەرکێشی پێویست بووە. ئەدی ئەوە چ هێزێکی تێفکرین، چ ڕامانێکی قووڵ، چ توانایەکی گەڕان، چ وزەیەکی خوێندنەوە و شیکار و وردبوونەوە، چ بوێری و ئازایەتییەکە، وایان کردووە کچێک لەو تەمەنەدا پرسی رەوت و ڕێچکە و مەزهەب و تایەفە ئاینییەکان و بابەتی دەججالی و گزی و فزیی پێغەمبەرە ساختەکان، بکاتە تەوەری نووسین و (حیکمەتی خوێن)یان لێ بەرهەم بهێنێ؟

تا پێش حیکمەتی خوێنی فلانری، ڕۆمانی (ئێلمێر گانتری)ی سنکلیر لویس، کە دواتریش کرایە فیلم، بە لووتکەی ئەو ئەدەبە بوێرەی ناو مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکا دادەنرا، ئەوە تاکە کار و بەرهەمی دانسقەیە لەو بوارەدا. ئەی چۆنە کچێک بەم تەمەنەیەوە ئەو سەرکێشییە دەکات و بەو کارەیشی، پێشەنگی، یان بەلایەنی کەمەوە شوێنێک لەڕیزی پێشەوەی ئەو جۆری داهێنانە ئەدەبییە، داهێنانی دژایەتیکردنی دەجالی و ساختەیی بە ناوی ئایین داگیر دەکات؟

فلانری، وەک کاتۆلیکێک، بەبێ ئەوەی بەها و بنەما ئاینییەکەی، یان ڕاستتر بڵێین باوەڕ و پرەنسیپە مەزهەبییەکەی بکاتە ئامرازی ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی خراپ بەکارهێنانی ئایین، دێت و ئەدەب، ئەدەب وەک ئەندێشە، خەیاڵ، وەک زمان، وەک شێوازی دەربڕین و لە ئاستێکی بەرزی داهێناندا، دەکاتە چەکی بەرەنگاربوونەوە و ڕیسواکردنی مەزهەب و تایەفە ئاژاوەگێڕ و پەڕگیر و توندڕۆ و بکوژ و تاوانکارەکان و ئەوانەیش کە لە پشتی ئەو گوتارە ئاینییە مەزهەبی و تایەفەگەرییەوە، مژدەی بەهەشت و پەیامبەرایەتی بە خەڵک دەدەن.

### عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا

# سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە خراپترینەکانی دونیایە و پڕە لە درۆ و خورافە



**لە بەشی سێیەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ نووسەر و رووناکبیر و رەخنەگری گەورەی کۆچکردووی کورد عەلی ئەشرەف دەروێشیان کە ساڵانێک پێش کۆچی دوایی بۆ پرۆژەی کتێبێک لە بارەی ژیانی تۆمار کراوە و لێرەدا چەند بەشێکی بۆ یەکەمینجار بڵاودەکرێتەوە، دەروێشیان تیشک دەخاتە سەر ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان و سانسۆر و رێگرەکانی بەردەم گەشەکردنی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەروەها دەربارەی ناوەندی نووسەرانی ئێران و کۆششی زیاتر لە چوار دەیەی لەپێناوی ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و ئەو کێشە و گرفت و مەترسییانە دەدوێت کە نووسەران لە ئێراندا رووبەڕووی دەبنەوە.**

هەڤپەیڤین: مەریوان هەڵەبجەیی

بەشی سێیەم

> لە سەردەمی خاتەمیدا بوو کە زۆرترین هاوڕێمان رفێندران و خنکێندران

> ئێران بە بەرنامە کار لەسەر پەروەردەکردنی ئەو نووسەرانە دەکات کە دونیا رەنگاوڕەنگ و جوان و بێ کێشە نیشان دەدەن

**مەریوان هەڵەبجەیی: ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان کە بۆ یەکەم جار تۆ و سەمەد بێهرەنگی دەتاننووسی و کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانی، هەر لەسەرەتاوە سانسۆرێکی زۆری لەسەر بوو، رووبەڕووی کێشەی زۆر دەبووەوە و زۆرجار بەناوی خوازراوەوە بڵاوتان دەکردنەوە، سەرەڕای ئەوەش دەناسرانەوە و قەدەغە دەکران، ئەمە هەم لەسەردەمی رژێمی شا و هەم لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی، رەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت کەسانی وەک نەسیم خاکسار و نووسەرانی دیکەی سەرکەوتووی ئەو بوارە کە پەیڕەوی ئەو رەوتەی ئێوە بوون، نەیانتوانی بەردەوام بن. ئەو هەموو ئاستەنگە بۆچی؟**

**دەروێشیان:** دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی یەکەم هۆکاری پەراوێزکەوتنی ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی راستگۆیانە و بەرپرسیارانەیە. بیرمان نەچێت زۆر کەس نووسییان و درێژەپێدەری ئەو جۆرە لە ئەدەبیات بوون، بەڵام سانسۆر نەیهێشت و ناهێڵێت بەرهەمەکانیان چاپ بێت، نەسیم خاکسار و فەرەیدوون تونکابنی و زۆر لە هاوڕێیانی ترمان یان خرانە بەندیخانە، یان نووسین و بڵاوکردنەوەیان لێ قەدەغەکرا و پاشان بەندیخانە و دواتریش ناچار وڵاتیان بەجێهێشت. حکومەت پەنجا ساڵ، چ لە سەردەمی شا و چ پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، هەوڵێکی زۆری دا و پارەی زۆری خەرج کرد، پرۆپاگەندەی زۆری کرد دژ بە سەمەد و ویستیان کەسێتی لەکەدار بکەن، دەیان نووسەری بەکرێگیراویان راسپارد و کتێب و وتاری زۆریان لەسەر نووسی، ملیۆنان تومەنیان خەرج کرد و فیلمیان دەربارەی دروست کرد بۆ شێواندنی راستییەکان. وەک گوتم لەسەردەمی هەردوو رژێمەکەدا. بەڵام بۆیان نەچووە سەر و تائێستاش بەرهەمەکانی سەمەد، گەر پڕخوێنەرترین و پڕفرۆشترینی ئێران نەبن، ئەوا بێگومان یەکێکن لە پڕفرۆشترینەکان. خۆت دەزانی زیاد لە پەنجا خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئێراندا کۆبەرهەمەکانی سەمەد چاپ دەکەنەوە و زیاتر لە بیست جار بەتیراژی زۆر چاپ کراونەتەوە. پاش مەرگی خۆی، وەرگێردراون بۆ چەندین زمان و خەڵاتی جیهانییان بەدەستهێناوە. بەرهەمەکانی من زیاتر لە سی ساڵ قەدەغە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەقاچاخ و دەستبەدەست بەناو خەڵکدا دەگەڕان و دەخوێندرانەوە. هەموو کتێبەکانم، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان نووسیومن زیاتر لە 30 جار بە تیراژی بیست هەزار چاپ بوون، پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش هەمان پێشوازییان لێ دەکرا گەر سانسۆر بیهێشتایە چاپ ببنەوە. لەم ساڵانەدا حکومەتی ئێران بە بەرنامە کار لەسەر پەروەردەکردنی نووسەری منداڵان و مێرمنداڵان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە ئەدەبیات کە دونیا زۆر رەنگاوڕەنگ و جوان و بێ کێشە نیشان دەدەن. فێستیڤاڵی ناوخۆیی زۆریان بۆ رێکدەخات و ملیۆنان دۆلاریان بۆ خەرج دەکات. دەیاننێرێتە فێستیڤاڵە جیهانییەکان. خەڵاتی ملیۆنییان پێ دەبەخشێت و بەتیراژی زۆر کتێبەکانیان چاپ دەکات و رەخنەگری بۆ دروستکردوون بەردەوام لە ستایشیاندا بنووسێت. حکومەت دەیەوێت نیشانی بدات کە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە و ئاراستەی دروست ئەوەیە ، نەک ئەدەبیاتی هاوشێوەی ئێمە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: باشە، تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕاتم، بەڵام ئەو ئەدەبیاتەش توانیویەتی بڕێک لە خوێنەر بۆخۆی پەیدا بکات و وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دونیا و جاریش هەبووە بوونەتە کاندیدای گەورەترین خەڵاتی جیهانی، خەڵاتی ئەندەرسن وەک نۆبڵی ئەدەبیاتی منداڵان وایە، ئەمە بۆ خراپە؟**

**دەروێشیان:** خراپی ئەوەیە ئەدەبیات سنووردار بکەیت بۆ یەک ئاراستە یان چەند ئاراستەیەک ، ئەدەبیات بە رەنگاوڕەنگی و جیاوازییەکانیەوە جوانە، رەخنەی ئێمە لەو جۆرە لە ئەدەبیات، ئەوەیە کە کاتێک مرۆڤ دەیخوێنێتەوە، هەست دەکات کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی بێ کێشەیە و منداڵان و مێرمنداڵان و گەورەکان زۆر بێ گرفتن و هیچ ئاریشەیەک لە وڵاتدا نییە. ناکرێت پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییە منداڵ تەنیا فێر بکرێت کەی بخەوێت و چۆن پێش نووستن ددانی بشوات و جلەکانی چۆن بە پاکی رابگرێت. منداڵ دەبێت بزانێت لە خێزانەکەی و قوتابخانە و کۆمەڵگەکەیدا چی دەگوزەرێت. دنیا تەواو گۆڕاوە و نەوەی نوێ خاوەن هۆشیارییەکی زۆرە. دەبێت منداڵان بزانن چی بکەن بۆ ئایندەیان و بشزانن هاوشێوەکانیان لە جوگرافیایەکی تردا چۆن ژیان بەسەر دەبەن. ئەمە جۆرە درۆکردنێکی مەترسیدارە لەگەڵ ئەو توێژەدا دەکرێت. کە گەورەتر دەبن تووشی شۆکی گەورە دەبن. کاتێک دەبینن ئەوەی پێیانگوتراوە ڕاست نەبووە و دونیا تەواو پێچەوانەکەیەتی. سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە خراپترین پەروەردەکانی دونیایە و پڕە لە درۆ و خورافە و هەندێک شت کە وەک ژەهر وایە بۆ منداڵ. تا ئەو پەروەردەیە نەگۆڕێت و ئەم جۆرە لە سیستەمی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات گۆڕانی بەسەردا نەیەت، دۆخی ئێمە زۆر لەمە خراپتر دەبێت. ئەو دۆخەی وای کردووە خوێنەری ئێستامان کەمتر بێت لە پەنجا ساڵ لەمەوپێش، لەکاتێکدا ئەوکات ژمارەی دانیشتووانی وڵات یەک لەسەر سێی ئێستا بووە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: دەمەوێت بێمە سەر باسی ناوەندی نووسەرانی ئێران و دامەزراندنی و هەوڵ و کۆششەکانتان لەو ناوەندەدا و ئەو خواست و داواکارییانەی نزیکەی پەنجا ساڵە لەم ناوەندەدا خەباتی بۆ دەکەن. زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی زۆرتان چەشتووە و چەندین نووسەر و وەرگێڕ و رەخنەگری گەورە گیانیان بەختکردووە لەپێناوی بیروباوەڕیاندا. دەکرێت باسێکی ناوەندی نووسەران بکەیت کە خۆت سەرۆکی ئەو ناوەندەی؟**

**دەروێشیان:** ناوەندی نووسەرانی ئێران زیاتر لە چل ساڵە لەسەر دەستی نووسەرانێکی گەورەی وەک سیمین دانیشوەر، جەلال ئالی ئەحمەد، بەهرام بەیزایی، غوڵامحسەین ساعدی و محەممەد عەلی سەپانلو دامەزرا بە مەبەستی بەرگری لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ و خواست و داواکاری بە حەقی ئەهلی قەڵەم و هونەرمەندانی ئێران و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. وەک دەزانیت لەو ڕێگایەشدا قوربانیی زۆرمان داوە و دەیان نووسەرمان شەهید و دەربەدەری وڵاتان بوون. زۆر نووسەرمان ساڵانێکی زۆر لە پێناوی ئەم داواکارییە ڕەوایانەدا خراونەتە بەندیخانەوە. چەندین نووسەر و شاعیری وەک محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەری پویەندە، دکتۆر مەجید شەریف، ئەحمەد میرعەلایی، غەفار حوسەینی شەهید کراون و گورزی گەورە لە ناوەندی نووسەران دراوە و زۆر لە نووسەرانی ئێمە ناچار کراون وڵات بەجێبهێڵن. زۆر ئەستەمە نووسەر بیت لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا و بتوانیت ئازاد و سەربەخۆ بمێنیتەوە و بجەنگی لەپێناوی مافی رەوای خەڵک و ئازادییەکانیان.


**مەریوان هەڵەبجەیی: ناوەندی نووسەرانی ئێران لەسەردەمی شادا هەمان کێشەی هەبوو، بەردەوام نووسینیان لێ قەدەغە دەکرا و دەکرانە زیندانەوە. بەڵام پاش شۆڕشی گەلانی ئێران گوشارەکان زۆرتر بوون و نووسەرانتان زیاتر تیرۆر دەکران و ناچار دەکران وڵات بەجێبهێڵن. لەسەردەمی کرانەوەی سەرکۆمار محەممەد خاتەمی و ئەوکاتەی نووسەر (دکتۆر عەتائوڵڵا موهاجەرانی) وەزیری رۆشنبیری بوو، داوایان لێکردن بچنە پێشەوە و ئەساسنامەی ناوەندی نووسەران و بڕگەکانی بخەنە بەردەست وەزارەت و مۆڵەتی فەرمیی کارکردنتان بدەنێ، ئەو هەوڵە بۆ سەری نەگرت و هۆکارەکانی چی بوون؟**

**دەروێشیان:** هۆکارەکانی ئاشکران، گەر وەزیر یان محەممەد خاتەمی سەرکۆماری ئەو کاتەش مەبەستی بووایە بەڕاستی کارێکی وا بکات، دەزگاکانی دیکە رێگر دەبوون و هەر ئەوانیش هۆکاری سەرەکی بوون کە نەک هەر ناوەندی نووسەران مۆڵەتی کارکردنی فەرمی وەرنەگرێت، بەڵکو بەردەوام هێرش بکەنە سەر ماڵەکانمان و دەست بەسەر دەستنووس و نامەکانی ئەندامانی ناوەندی نووسەراندا بگرن. بکرێنە زیندان و ببرێنە بەردەم دادگاکان. وایان کرد نەتوانین لە کتێبخانەیەکیشدا کۆببینەوە و هەڵبژاردنی ناوەندی نووسەران بەڕێوەبەرین. بیرمان نەچێت هیچ دیکتاتۆرێک ناتوانێت بەرگەی دەنگی ئازاد و نارەزایی و قەڵەمی نووسەرانی ئازادیخواز و بەرپرسیار بگرێت و ناچار دەبێت بە هەموو جۆرێک رووبەڕووی بێتەوە. ئەوە هەر لەکاتی سەرکۆماریی خاتەمیدا بوو کە زۆرترین هاوڕێمان رفێندران و خنکێندران و دواتر لە بیاباندا تەرمەکانیانمان دۆزینەوە. چی کرد؟ توانی بکوژەکان بگرێت و دادگاییان بکات؟ نەک هەر نەیکرد، بەڵکو پارێزەرەکەی ئێمە کە پارێزەری شەهیدە بەناحەق خنکێندراوەکانی ئێمە بوو، دەستگیر کرا. دکتۆر ناسر زەرەفشان کە پارێزەرە و ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندی نووسەرانە، پارێزەری هاوڕێ شەهیدەکانمان بوو، بەتاوانی بەرگری لەحەق حوکمی پێنج ساڵ بەندکردنی بەسەردا درا. بە دەیان شەو لە ماڵەکانی خۆماندا نەخەوتین و هەمیشە چاودێرییان دەکردین و ترس و تۆقاندن منداڵ و هاوسەرەکانی ئێمەیان بێزار کردووە. بەڵام هەموو ئەمانە وا ناکەن ئێمە کۆڵ بدەین. ئێمە نە هاوڕێ شەهیدەکانمان لەبیر دەکەین، نە رێبازەکانیان و نە ئەو گرنگترین ئەرکەی کە نووسەران و رۆشنبیران لەسەر شانیانە و هەرگیز نایانەوێت و نابێت لەبیری بکەن .

**مەریوان هەڵەبجەیی: لە بیست ساڵی ڕابردوودا زۆربەی ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران لەژێر گوشاری زۆر و زیندان و تۆقاندندا بەناچاری هەڵهاتن و ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد، لەوانە عەباس مەعروفی، کازم کەردەوانی، مەنسوور کۆشان، جەمشید بەرزەگر و زۆری تریش. تۆش لەوانە بوویت کە ناوت لەو لیستەدا بوو کە دکتۆر ناسر زەرەفشان و هاوڕێیانی دۆزیبیانەوە و بەپێی ئەو پلانەی دەزگا سیخوڕییەکان دەبوو تیرۆر بکرێی! بۆچی بیرت لەهەڵهاتن و دەرچوون لە ئێران نەکردەوە و تاکەی دەتەوێت خۆت و خێزانەکەت لەبەردەم ئەم هەڕەشە و مەترسیانەدا بمێنیتەوە؟**

**دەروێشیان:** هەرگیز بیرم لە ژیانی تاراوگە نەکردووەتەوە و بیریشی لێناکەمەوە. من نووسەرێکی ئێرانیم و ئەوە چارەنووسی وڵاتەکەمە کە ستەمکار بەدوای ستەمکاردا دەسەڵات دەگرێتە دەست و رۆژانە نوخبەی ئەم وڵاتە ناچار دەکات وڵات بەجێبهێڵن و هەڵبێن. دەکرێنە زیندانەوە و بێدەنگ دەکرێن. لە زانکۆکان دەردەکرێن و خەڵکی بێتوانا و ناشایستە دەخرێتە جێگایان. وەک نووسەرێک بە ئەرکی خۆمی دەزانم بجەنگم لە پێناوی ماف و داواکارییەکانیان. ئەمە وڵاتی ئێمەیە و خۆشماندەوێت و دەبێت قوربانیی بۆ بدەین. چەندین جار لە زانکۆکانی رۆژئاواوە بانگێشت کراوم و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کۆڕ و بەرنامەم هەبووە و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ داوایان لێکردووم بمێنمەوە و نەگەڕێمەوە بۆ ئێران. پێیان باش بووە خێزان و منداڵەکانم بەرم و نەگەڕێمەوە. بەڵام ئەستەمە بۆ من لەم واقیعە هەڵبێم. لە هەردوو رژێمەکەدا، چی خراپە کردوویانە لەگەڵمان. دەرکردن لە زانکۆ و لە وانەگوتنەوە و لەسەر هەموو کار و چالاکییەکی رۆژانە کە پەیوەندی بە بژێوی و ژیانی رۆژانەمانەوە هەیە. برسییان کردووین و ژیانی ئێمەیان بە هەموو جۆرێک خستووەتە تەنگانەوە. ئێمە بەرپرسیارێتی گەورەمان لەسەرە و دەبێت ئەو ئەرک و رۆڵەی ساڵانێکی زۆرە لەسەرشانمانە، بەباشی جێبەجێی بکەین و بیگەیەنین بە نووسەرانی نەوەی نوێ. ئەو چرایەی نووسەرانی گەورەی وەک ئەحمەد شاملو، غوڵام حوسەین ساعدی، سیمین دانیشوەر، مەحمود ئیعتیماد زادە ( بەئازین) و جەلال ئالی ئەحمەد داویانەتە دەست ئێمە، بەرۆشنی ڕایگرین و بەهیواوە بیگەیەنین بە نەوەی داهاتوو. تەنیا رێگا مانەوە و بەرگرییە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین. تا کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتمان نەبێت بەردەوام لە پاشکەوتندا دەبین و پاشەڕۆژمان زیاتر ڕوو لە تاریکی دەبێت. ئەم رێگا دژوارەش لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە هزر و توانای نووسەران و ڕووناکبیرانە. من هیوام زۆرە و ئایندەی ڕوون و باش دەبینم و دەبێت بەردەوام بین.

> ئەستەمە لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا نووسەر بیت و بتوانیت ئازاد و سەربەخۆ بمێنیتەوە



# بومەلەرزە و ئەزموونێکی تازەی مردن

## (لە هەستکردن بە گوناهبارییەوە تا بوونە قوربانی)


عادل قادری




لە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتیدا، مەرگ وەکوو شتێکی لەناکاو و بێ روخسار و بەهەڵکەوت فام و پێناسە کراوە "ئەو" لە ناکاو دێت و هەڵدەکوتێتە سەر دەرگای ژیان و هەناسەکێشان، ئەم تایبەتمەندییەی مەرگ (وەکوو بکەر) وای کردووە هێشتاش گەلێ ئەفسانە و راز و حیکایەتی سرۆک لەبارەیەوە لە کولتوور و ئەدەب و فیکری مرۆییدا ئامادە بێت، مەرگ هەرچەندەش لێمانەوە نێزیک بێت (لە رەگی گەردنیش نێزیکتر- ئایەتێکی قورئان) لە کات و ساتی نزول و دابەزینی راستەقینەی و یەکلاکەرەوەی خۆیدا هەمدیس ئێمەی مرۆڤ وەکوو شتێکی ناوەخت و نارەوا دەیزانین و ئامادەی نین، مەرگ دێت و بە ئێمە رادەگەیەنێت کاتێتی! دەبێ هەموو ئەو پلان و بەرنامە و خەون و خولیایانەی کە رۆژان و شەوانی رابردوو بیرمان لێ دەکردەوە، توور بدەین و لەگەڵ مەرگ برۆین، چەندە جێهێشتنی ئەو خەون و کارە نەکردانە سامناک و تۆقێنەرە، چەند هێندەتر نەناسینی مەقسوود و دوامەنزڵگەی مەرگ کوشندە و ترسناکە. ئەو مەنزڵگەیەی کە مەرگ بڕیارە بەرەو ئەوێ بەڕێمان بکات! مەنزڵگەیەک کە ئەوانەی رۆیشتوون کەس نەگەڕاونەتەوە تا گۆشەیەکمان بۆ دەربخەن و ئەوانەی وەک ئێمەش کە نەڕۆیشتوون، تا دوا هەناسە لە حەسرەتی گۆشەیەکی ئەم سەمفۆنییە سامناکە دەمێننەوە و لە دواجاردا تەنیا بە ئیلهام و گێڕانەوە و ئایین و ئەفسانە مەزندەی شێواز و ئەودیوی ئەم سنووری ژیانە دەکەن. ئەم ماهییەتە رازاوییەی مەرگ وای کردووە لە هزری مرۆڤایەتی و مەرگ ئەندێشی بیرمەنداندا دوو ئاڕاستەی گشتی وەکوو نموونەی دوو شێوەڕوانینی باوی مرۆڤ بۆ مەرگ ئامادە بێت. وەکوو نموونە تێڕوانینی ئەبیقورییەکانە کە بە رستە ناودارەکەی ئەبیقور، فەیلەسووفی سەدەی چوارەمی پێش زایین پەرچەکردار و هەڵوێستیان دەناسرێت. ئەبیقورییەکان کە داکۆکی و پێداگریان لەسەر چێژپەرستی و دوورکەوتنەوە لە خەم و ئازارەکانی ژیان و گەردوون بوو، مەرگیان بە شتێکی جیددی و گرینگ نەدەزانی کە پێموایە جۆرێک هەڵهاتن لە واقیعی رەنج و ئازاری مرۆیی بوو، واتە ئەوان ژیان و چێژەکانیان بە چەق و قەتعی دەزانی. ئەبیقور دەیگوت: "پێویست ناکات لەمەرگ بترسین، چوون کاتێ من هەم ئەو نییە و کاتێ ئەویش هات ئیتر من لێرە نیم". لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە بەرلەوەی تێڕامان و قووڵبوونەوەیەکی جیدی لە پرسێکی وەک مەرگ بێت، هەڵهاتنێکی دەروونی و عەقڵییە لە واقیعی بێ روخساری و نەناسراوی و ناوەختبوونی مەرگ. ئاراستەیەکی دیکە کە چەندین سەدە دوای ئەبیقورییەکان شکڵی گرت و بەتایبەتی لە رۆژگاری جەنگ و قاتوقڕی و لەناوچوونە گەورەکاندا خۆی مانیفێست کرد، تێڕوانینێک بوو توانی لەپلەی یەکەمدا پەی بەوە ببات کە ئێمە لەڕاستیدا بەشێوەیەکی جیدی بیرمان لەمەرگ نەکردووەتەوە، ئەمەش کەشف و قۆناغێکی نوێی هۆشیاری بوو کە پاش جەنگە جیهانییەکان هاتە ئاراوە و لە رێگەی فرۆیدەوە و لە کتێبی "ئەندێشەگەلێک شیاوی رۆژگاری جەنگ و مەرگ" لە ساڵی 1915 دا هاتە بەر باسی جیدی و رەهەندێکی گەورەی لە تێڕامان و قووڵبوونەوەی فیکری رۆژئاواییدا تا هەنووکەش دیاری کردووە. بە بەراورد لەگەڵ بنەمای گشتیی فیکری ئەبیقوری کە لەسەر چێژ دانیشتبوو، فرۆید کنجکۆڵی "ئەوپەڕی بنەماکانی چێژ" بوو. ئەم ئاراستەیە پاش ژیان لەناو جەنگێکی کوشندە وماڵوێرانکەر و شارستانییەتکوژ، زۆرتر هەڵوێستە و راوەستانی لەسەر پرسی مەرگ وەکوو بابەتێکی مرۆیی و فەلسەفی کرد. واتە زەقبوونەوەی پرسی مەرگ و هەموو بابەت و چەمک و وتەزاگەلی پەیوەست بەم پرسە گشتی و کەونینەییە دەرهاوێشتە و ئەنجامی ئەو هەموو مردن و کوشتنە بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییە بوو کە مرۆڤ بۆ خۆی دروستی کرد و ئەگەر و مەترسی لەناوچوونی هەموو بوون و دەسکەوتەکانی سەری هەڵدابوو. خودی ئەم حاڵەت و فەزایەی مەرگ کە رێگەی بۆ هاتنی مەرگ وەکوو بکەر و نوێنەرێک لەسەر مافووری سووری خوێن خۆش کرد، شۆک و راچەنین یان هاندەرێکی بنەمایی بوو کە پرسی مەرگ بە شێوەیەکی نوێ و جیدیتر و قووڵتر هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و لەڕاستیدا تێڕامان و بیرکردنەوەکان لەسەر مەرگ و پێشهات و وتەزاکانی وای کرد کە فرۆید وەکوو دەنگێکی بەرزی ئەم تێڕامانانە بڵێت: "مەرگ و سێکس" دوو بابەت و پرسن کە هێشتا "تابۆ" (Taboo) و بقەیان لەسەرە و دەبێت چاولەچاو و روو لە روو تێیان بڕوانین و هەوڵی ناسینیان بدەین، تایبەمەندیی بیرکردنەوەی ئەم قۆناغ و ئاراستەیە گومان لە پێناسەی سەپێنراوی پێشوو بۆ پرسی مەرگ و دروستبوونی کنجکۆڵییەکی نوێ و ئارەزوو و تاسووقێکی سەیر بۆ تێگەیشتن لە واقیع و راستەقینەی مەرگ بووە. لەم قۆناغەدا مەرگ تابۆشکێنی لێکرا و زۆر پرسی تایبەت بە مەرگ وەکوو هاوزا، رۆح، جەستە، خەون و...لە زۆر لایەن و رووەوە کەوتە بەر باس و شیکاری و تێفکرین. تەنانەت لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و پاش ئەوەش، شکڵێکی ناباو و دژەباو لە هەوڵ بۆ فامی مەرگ سەری هەڵدا کە لەقەوارەی خۆکوژی و چەشنێک نیهێلیزمی زێدەڕۆیانەدا دەرکەوت. ئەگەرچی دەتوانین نیچەی بێ خودا و زەمینپەرست و جەستەباوەڕ لە ساڵانێکی پێش ئەم جەنگانە بە باوکی رۆحیی ئەم خۆکوژییانە بزانین. ئەم دوو ئاراستە زەقە و رەوتی پێشکەوتن و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کولتوور و شارستانییەتی رۆژئاوا لە بوارگەلی زانستی، پیشەیی و فەلسەفی، وای کرد کە جیاوازییەکی زەق و بەرهەست و ناودار بە ناوی رۆژئاوا – رۆژهەڵات زیاتر رەوایی و مەشرووعییەت پەیدا بکات. لە کولتووره رۆژهەڵاتییەکاندا کە هێشتاش توێکڵی دین نەشکاوە و گومان و پرسیار سەرپشک نەبووە بۆ کۆمەڵگا و کۆی کولتوورەکەی، هەر ئایین تاقەسوار و وەڵامدەری پرسە رازاوی و ناوەخت و نادیارەکان، بەتایبەتی مەرگە. راستە بەهۆکارگەلی زۆر هەندێک پایە و بنەمای دین لەم کۆمەڵگایانەدا لەچاو پێشوو سست بووە و فەشەلی هێناوە، بەڵام هیچکات ئەم سوارە نە گلا و نە لە شوێنێکیش هەڵوێستە و لادانی کرد، سەرهەڵدانەوەی داعش و ئەو پێناسەیەی بۆ حکومەتی ئیسلامی بەر لەوەی پێناسە و شکڵێک بێت بۆ ژیان، پێناسە و مانیفێستێک بوو بۆ مەرگ و پاش ژیان، کە بە ئەحکامی شەرعی و فیقهی بی سێ و دوو و داماڵراو لەهەر کنجکۆڵی و گومان و مەعریفەیەک، تا ئێستەش بەرگری لە هەر تابۆشکێنی و بقەنەهێشتنێک لە پرسی مەرگ و بەزەمینیکردنی دەکات، رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین حکومەتی داعەش خەون و ئارەزووی (desire) بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات و سیستەمە حوکمڕانییەکانی بووە، واتە دەمکوتکردنی تێڕامان لە مەرگ لە لایەن ئایدۆلۆژیایەکی ئایینی وەکوو داعش هەڵگری دوو رەهەندی سایکۆلۆژییە لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا. رەهەندێکیان مەرگدۆستی و ژیانبێزیی ئەم کولتوورانەیە کە وەکوو خەون و روئیایەک لەلایەن ئایین و ئەفسانەکان (داماڵراو لە تێفکرین و ئاوەزمەندی) ئاوی دراوە، رەهەندەکەی تریان مۆتەکە و کابووسێکە کە بە نیسبەتی مەرگ و دونیای ئەودیو ژیانەوە هەیانە، واتە بەشێوەیەکی ناوشیار (unconscious) ئەوەندە مەرگی بەلاوە گرینگە نیو ئەوەندە ژیان بایەخی نییە بۆی و لەم شێوازەی بووندا ژیان لە خزمەتی مەرگدایە نەک بە پێچەوانەوە کە مەرگ و مەرگئاگایی و مەرگئەندێشی لە خزمەت جوانکردن و بەپیتکردنی ژیاندا بێت.

### کۆمەڵگای کوردی و مردن بە بومەلەرزە

ئێمە وەکوو یەکێک لەم کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیانە خاوەنی ئەو دوو رەهەندە هەین و بەشێوازێک بووەتە هۆی ئەوەی لە هەمبەر رووداوە مەرگبار و مەگئامێزەکاندا هیستریک و مالیخولیایانە بجووڵێینەوە. ئەگەرچی رەنگە کلێشە بێت (بەڵام سەیر نییە!) گەر بڵێم ئێمەی کورد ئەزموونێکی تایبەت و جیاوازمان لەگەڵ مردندا هەیە و رەنگە زۆر کەم لەم رەهەندەشەوە لەسەری قسە کرابێت، بەڵام راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو هەموو مەرگەی ئێمە وەکوو کۆمەڵگا و نەتەوە ئەزموونمان کردووە، بەهۆی دۆزێکی سیاسی تایبەت و دیاریکراو و هەلومەرج و هەڵکەوتەیەکی جیۆپۆلیتیکی بووە. واتە لە باشترین حاڵەتدا ئێمە بەو هەموو ئەزموونەی کە هەمانبووە لەگەڵ مەرگ، هەر لە هەڵوێستە و تێڕامان هەڵهاتووین و مەرگ لەدواوە گرتووینی، مەرگ لە کاتی بۆردومان، کۆڕە و، راگواستن، ئەنفال، جەنگ، کیمیاباران و...و هیچ کات بە واتا مەعریفییەکەی چاومان نەبڕیوەتە ناو چاوی مەرگ و بۆ تۆزێک لێی رانەماوین، ئەمە بۆ نەتەوەیەک کە سەرتاپای سەدەی بیست هەموو مەرگێکی ئەزموون کردووە و هێشتا گێڕانەوە و تێڕامانێکی مەعریفی و فەلسەفی بۆ مەرگ پێ نییە، خاڵێکی زۆر سامناک و نابوودکەرە. ئەم حاڵەتەی ئێمەی کورد بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ لە ئەدەبی کوردیدا و بە تایبەتی جیهانی شێرکۆ بێکەسدا بە دوو شکڵی گشتی رەنگی داوەتەوە: یەکەمیان پێناسەیەکی ئۆتۆماتیکی و ناوشیار و ئۆرگانیک بۆ ئەزموونکردنی مەرگ لەلایەن مرۆڤی کورد بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکە شیعری مامەیارە کە گێڕانەوەیەکی پاڵەوانی- نیشتمانییە لە رووداوێکی مێژوویی و سەردەمی جەنگ دەڵێ: "مەرگ داڵێکی رەشی رمووزنە، باڵ لە خوێنی لەبەر رۆیشتووی گوندەکانم وەرئەدات و بانگی نەهاتە ساڵ ئەدات..." ئەم قەدەرە قەبووڵکراوەی مەرگ کە نە تەنها لە شیعر، بەڵکوو لە بەشێکی زۆری ئەدەبی جیدیی ئێمەدا رەنگی داوەتەوە، دەرخەری ئەو دەستەوەستانی و ملکەچبوونەیە بۆ ماهییەتی مەرگ، لەم حاڵەتەدا مەرگ بەرلەوەی هۆکارێکی مەعریفی یان میتافیزیکی بێت هۆیەکی سیاسی- ئاینییە و هاوکێشەیەکی نالەبار و عەقڵکوژ پێکدێنێت کە هیچی لێ شین نابێت جگە لە نەواو و زایەڵەی قوربانیبوون و بەزەیی دارشتنەوە. حاڵەتی دووهەمیشیان حاڵەتێکی حەماسی و پاڵەوانییە لەهەمبەر مەرگ کە بۆ نموونە لە کەشکۆڵەکانی پێشمەرگەی شێرکۆ بێکەسدا ترۆپک و بڵندایەکەی دەبینین، لەم ئاراستە و فەزایەدا هیچ کات مەرگ براوە نییە، بەڵکوو هێزی پێشمەرگە و باوەڕ بە نیشتمان و پاراستنی ئیمان بە خەونەکان تا دواهەناسەی دەرچوونی گیان سەنگی مەحەک و براوەی دواجارە! واتە لێرە مەرگ بابەتێکی دەرهەست و زەینی نییە بەڵکوو چەک و هۆکارێکە لەلایەن چەندین هێز و روخساری دیار و بەرچاوەوە. ئەگەرچی ئەمە تایبەتمەندیی ئەدەبی بەرگرییە، بەڵام لەڕووی فەلسەفی و دەرکەوتەی تێڕامان و قووڵبوونەوە لە مەرگ شتێکی ئەوتۆی پێ نییە و دەتوانین بڵێین کە لێرەدا ئێمە لەگەڵ "ئیستاتیکای مەرگ" دا سەروکارمان هەیە کە لە چیرۆک و رۆمانی کوردیدا و بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی بەختیار عەلی (بۆ نموونە شاری مۆسیقارە سپییەکان) بە زەقی رەنگی داوەتەوە. کەواتە ئێمە لە رووی تێفکرین لەسەر پرسی مەرگ لە حاڵەتێکی بەدەوی و سادەداین. تەنانەت پاش ئەنفال و هەڵەبجە (لە هەندێ نموونە و هەوڵی فەردی بەدەر بێت) ئێمە جگە لە هەڵوێستی هەستەکی و سۆزئامێز هیچ فام و پێناسەیەکمان بۆ شکڵێک لە مەرگ (کوشتن و لەناوبردن) بە ناوی ئەنفال نییە. بەگشتی زۆرینەی شکڵەکانی ئەزموونکردنی مەرگ لای ئێمە بەهۆی سیاسی-ئایینی و هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی بووە و پەرچەکردارەکانمان تا ئێستاکەش بەشێوەی زاڵ هەستەکی و سۆزئامێز و پرسە تەوەرە. بومەلەرزە راستە لە رووی هۆکار و شکڵی ئەزموونکردنی مەرگەوە، لانیکەم بەم شێوە بەربڵاوە لە رۆژهەڵات جیاواز بوو لەو شکڵەی مردن و لەناوچوون و کوشتن لە جەنگ و رووداوە سیاسییەکان لە باشوور، بەڵام رەنگدانەوەی ئەم شکڵە لەمەرگ خەریکە بەرەو هەمان ئاقاری ئایینی و خوێندنەوەیەکی ترسئامێز و گوناهبارانە لە مەرگ دەچێت. لە دوو حەوتەی رابردوودا واتە لە 14/11/2017 دا دوای بومەلەرزەیەکی گەورە (7.3 بەگوڕی ریختەر) کە بەشێک لە باشووری کوردستان و رۆژهەڵاتی بە خەستی گرتەوە، ئێمە شکڵی تر و فۆرمێکی تری تازەمان لە مەرگ ئەزموون کرد، چونکە چەق و ناوەندی ئەم بومەلەرزەیە شارۆچکەی ئەزگڵە و شاری سەرپێڵی زەهاو بوو لە پارێزگای کرماشان، زۆرترین قوربانی و مردن لەم ناوچانە کەوتەوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە زۆرینەی مەرگەکان لە شاری سەرپێڵی زەهاو و گوندەکانی نێوان ئەزگڵە و سەرپێڵ بوو، لە رووی باوەڕی ئاینییەوە ئەم پانتا جوگرافییە سێ مەزهەبی سوننە، شیعە و ئەهلی حەقی تێدا دەژی، بەڵام وەکوو دەرکەوتە و پەرچەکردار، جگە لە هەست و حاڵەتێکی گوناهبارانە و مەزڵوومانە زیاتر کە بە هاوبەشی خستیانە روو، شتێکی دیکەمان نەبینی، واتە سێ مەزهەب بە جیاوازییەکانیانەوە یەک پەرچەکرداری هاوبەشیان لە هەمبەر "مەرگ" دا هەیە، ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە لەناو پێکهاتێکی پێشتر و لەمێژینەتر لە ئایین دەژی کە ئەویش کۆمەڵگەی "تابۆ و گوناهە". ئەم کۆمەڵگایە بومەلەرزە وەکوو تۆڵە و تووڕەییەکی رەوا و بەحەقی باری تەعالا دەزانێ و شوکرانەشی بەجێ تێرێت کە خراپتر نەبووە، هەڵبەت وەکوو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا، لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا پێکهاتی ئایدیۆلۆژیی ئاینی هێشتا زاڵە و توێکڵی یەقینی نەشکاوە و رووبەڕووی گومان و پرسیار و تێفکرین نەبووەتەوە، بۆیە سەیر نییە گەر کەسێکی وەکوو مەولانا عەبدولحەمید ئیمامی جومعەی ئەهلی سوننەت و خەڵکی زاهیدان ئەم رووداوە بە ئاکامی گوناهی زۆری خەڵکی کرماشان لێکدەداتەوە و داوا لە خەڵک دەکات تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە ئامێزی ئیلاهی، یان هەندێ لە مەلاکانی تاران وەکوو غەزەب و خەشمێکی ئیلاهی لە هەمبەر ریفراندۆم و راپرسی سەربەخۆیی کوردستان لێکیاندایەوە و پڕوپاگەندەیان بۆ کرد کە ئەمیان هەم لایەنی ئایینی هەیە و هەمیش سیاسی. سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕمەنی (متغیر) و توخمەکانی ئەم شیکارییە زۆرن و ناکرێت لێرەدا هەموویان بخەمە روو، بەڵام بە سەرنجدان لەوەی کە ئێمە وەکوو کورد ئەزموونێکی زەنگین و فرەڕەنگمان لەگەڵ مەرگ و مردن بە مانا کۆنکرێت و عەینییەکەی هەیە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوای رەوینەوەی تەپوتۆز و گەرد و غوباری مەرگ بە شێوەیەکی دیکە بیر لە مەرگ بکەینەوە و ئیتر جلی پاڵەوانی و قوربانیبوون پێکەوە لە خۆمان داکەنین؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە مەرگ لە فۆرمی ئاینی و ئەفسانی دەرخەین و بیکەین بە نیشانەی پرسیارێکی گەورە بۆ دونیای فەردی و کۆیی خۆمان؟ ئایا باشتر نییە لە حاڵەتێکی تابۆیی و گوناهبارانەوە دەریکەین و بیخەینە فۆرم و قەوارەیەکی کونجکۆڵانە و پرسیارئامێز؟ کەس ناتوانێت چەندین راستی دیکەی پەیوەست بە رێژەی قوربانیان و مەرگ بەرکەوتووانی ئەم بومەلەرزەیە لەبەرچاو نەگرێت. راستیگەلێکی وەکوو ئەمەی کە ئەو ناوچانە و پارێزگای کرماشان بەگشتی لە حاڵەتێکی دواکەوتوویی و پێشڤەنەچوویی لە رووی پیشەیی و بیناکردن و رێگاوبان و ئیمکانیاتدا دەژین کە ئەمە رێژەی قوربانیانی زیاتر کرد و هەندێ شوێن وەکوو دەربەندیخان، رانیە و سلێمانی کە نێزیک بوون لە چەقی ئەم بومەلەرزەیە، چونکە لانیکەم لە رووی بیناسازییەوە لەم ناوچانەی رۆژهەڵاتی کوردستان تۆکمە و پتەوتر بوون، تەنها چەند کەسێک بوونە قوربانی کە دیارە ئەم فاکتۆرە، واتە پێشنەکەوتوویی سەرپێڵ و ئەزگڵە و بەگشتی پارێزگای کرماشان، دەرخەری لایەنێکی سیاسی و ئەمنیی مەسەلەکەیە و خەم و خەساری بێ دەوڵەتیی نەتەوەیەکی بومەلەرزەلێدراوی بێ خاوەنیشی بەباشی نیشاندا، هەر بۆیە زۆرینەی زۆری رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکی باشووریش دەستیان دایە هەڵمەتێکی ئینسانی و نیشتمانی تاکوو بە هانای هاوزمانانی خۆیانەوە بێن و بەمەش لە رووە ناسیونالیستییەکەیدا پەیامێکی گەورە و زوڵاڵیان بۆ دەوڵەتی ئێران و هەموو کۆمەڵگای کوردییش نارد، ئەگەرچی ئەمە لایەنێکی گەش و درەوشاوە و لەهەمان حاڵدا حەماسی چەقی کارەسات و رووداوەکە بوو، بەڵام ناکرێت خۆمان لەو پرسیارانەی پەیوەست بەم شێوازە مەرگە تازەیە ببوێرین و لێیان رانەمێنین. ئێمە وەک گوتم زۆرینەی زۆری شکڵەکانی مەرگمان ئەزموون کرد، بەڵام ئەنجام و ئاکامی پەرچەکرداری ئێمە لە هەمبەریان ئایا جیاواز بووە لە یەک؟ بۆچی هەموویان لە ئاخێزگەی سۆز و هەست و عاتیفەیەکی تێپەڕ کە سەر بە یادەوەرییەکی لاواز و لەڕن، سەرچاوە دەگرن؟ ئەگەر پەرچەکردارمان لە هەمبەر مەرگ بە ئەنفال، کیمیاباران، کۆڕەو، تیرۆر و بومەلەرزە هەر یەک شت بێت، کەواتە جیاوازیی شکڵەکانی مەرگ هەر پووچەڵ دەبێتەوە و وەکوو ئەوە وایە هەموو ئەو مەرگانە لەگەڵ مەرگی تری وەکوو رووداوی هاتوچۆ، کەوتنە خوارەوە لەسەربان و... جیاوازییان نەبێت و نەبنە هۆی شتێکی تازە و بەرهەمهێن لە دونیای ئێمەدا.

**27/11/017**

**جوانڕۆ**

> **کاتی ئەوە هاتووە مەرگ لە فۆرمی ئاینی و ئەفسانی دەرخەین و بیکەین بە نیشانەی پرسیارێکی گەورە بۆ دونیای فەردی و کۆیی خۆمان**

> **لە باشترین حاڵەتدا ئێمە بەو هەموو ئەزموونەی کە هەمانبووە لەگەڵ مەرگ، هەر لە هەڵوێستە و تێڕامان هەڵهاتووین و مەرگ لەدواوە گرتووینە**


**سەرچاوەکان:**

**1. محمد علی فروغی، سیر حکمت در اروپا، دوران هلنیسم، اپیکوری ها، ص 75**

**2. مرگ (مجموعە مقالات)، ترجمە محمد صنعتی و دیگران، سازمان چاپ و انتشارات 1388**